# فرۆشراو...!



سەروەر کەریم

Sarwar_kareem@hotmail.com

*ا شتە سەیروسەمەرەکانی جیهان زۆرن، بەڵام هیچیان هێندەی مرۆڤ سەیرو سەمەرەنین ا- ئەنتیگۆنا*

رەنگە ناونیشانی ئەم نوسینە بۆ خوێنەر مایەی سەرنج بێت، یاخود سەرسوڕمان بەوەی( فرۆشراو) مانای چی دەگەیەنێتو چی دەفرۆشرێت، کاڵا، یاخود ئینسان، ئەگەر مەبەست لەئینسان فرۆشتنە خۆئێستا سەردەمی کۆیلایەتی و سەدەکانی ناوەڕاست نیە بۆ ئەوەی خوێنەر زۆر بەشوێن ناونیشاندا نەگەڕێتو راستەوخۆ ئەو گرێیەی لائاشکرابێت، کەمەبەستمان لە(فرۆشراو) بازرگانی کردنە بەژنانەوەو فرۆشتنیان بەناوی هاوسەرییەوە.
لەبەشێکی زۆر لەووڵاتانی دواکەوتووی خاوەن کەلتوری ئایینی و خێڵەکی و پیاوسالاریدا دیاردەی فرۆشتنی کچان بەناوی هاوسەریەوە بەڕێوە دەچێتو هیچ یاسایەکی ئینسانیش بوونی نییە بەربەوکارەی پیاوان بگرێت، کە بەئارەزوی خۆیان کچەکانیان، وەك هەرکالایەکی تری ماڵەکەی دەیانفرۆشێت، لەپێناو برێك پارەی کەمداو جەهەنمێك بۆ کچەکانیان دروست دەکەن.
ئەوکچانەی بەوشێوەیە بەشودەدرێن هەتا دەمرن لەو ژیانە نالەبارەدا دەژینو دەروازەیەکی  رزگاربوون لەوزوڵمو چەوساندنەوەی بەسەریاندا سەپێنراوە, دەبێت ئەوپەڕی ملکەچی فەرمانەکانی باوکیان بن، بۆیە دەبینین رێژەی ئەوکچانەی بەوشێوەیە بەشودەدرێنو خۆیان دەکوژن، یان دەسوتێنن بەوهیوایەی رزگاریان بێت, ژیانە پڕلەچەوسانەوەیە ..
گەرچی دیاردەی فرۆشتنی کچان بەناوی هاوسەرییەوە لەخۆرئاوا نەماوەو یاساش رێگە بەوکارەنادات، بەڵام لەوێش جۆرێکی تر لەفرۆشتنی ژنانو کچان بوونی هەیەو تاقمی جۆراوجۆر بۆ بازرگانی کردن بەژنانەوە بەکارهێنانیان بۆ کاری لەشفرۆشی و ریکلام وبازرگانی بەمادە بێهۆشکەرەکانەوەو بەزۆری ئەوژنو کچانە لەووڵاتانی دەرەوەی خۆیان دەیانکڕنو ئەوکارانەیان پێدەکەن، بەڵام لەووڵاتانی دواکەوتوی خۆرهەڵات دیاردەی فرۆشتنی کچان بەناوی هاوسەرییەوە بوونی هەیەو زۆربەی ووڵاتان پەیڕەوی دەکەنو گۆڕانکاری و پێشکەوتنەکانیش هیچ کاریگەریەکی لەسەر عەقڵیەتی پیاوسالاریو خێڵەکی دانەناوەو بگرە بەکارێکی ئاسایی خۆیانی دەزانن، کە کچەکانیان بفرۆشن، لەگەڵ ئەوەی ئەوپیاوانەی بەوکارە هەڵدەستن دژی کچەکانیان لەڕووی فۆرمەوەخۆیان گۆڕیوەو رووپۆشێکی مۆدێرنیان داوە بەخۆیانداو بوونەتە خاوەنی زۆرینەی بەرهەمە تەکنەلۆژیە نوێکانو جلوبەرگیان گۆڕیوەو، بەڵام لەبەرامبەر کچانو ژنانو مافەکانیاندا زۆربەئاسانی هەرکەسێك داوای کچەکەی بکات راستەوڕاست نرخەکەی دەدات بەگوێدا.
هیچ کات کچەکە بۆی نیە نارەزایەتی بەرامبەر بەوکارە دەبرێت، چونکە چارەنوس کوشتنە، ووڵاتانی خۆرهەڵاتی کانگای ئازارەکانی ژنانەو هیچ یاساو رێساو دەستوورێك نیە بەرگریان لێبکاتو مافی ئینسان بوونیان بۆ بگەڕێنێتەوە، بگرەزۆرینەی جار دەستوورو یاسای کۆمەڵایەتی جێگای هەمووشتەکانی تردەگرێتەوە ,یاسای گشتی دەوڵەتیش، چونکە عەقڵیەتی پیاو سالاری باوك سالاریو داینداوە دەبێتە پشتیوانی پیاوانو سەرجەم مافەکانی ژنان پێشێل دەکات.
لێرەوە زیاتر ناونیشانی نوسینەکە ئاشکرا دەکەین، کە ناونیشانی رۆمانێکەو باسی فرۆشتنی دووکچ دەکات لەلایەن باوکیانەوە، گەرچی ئەوپیاوە زەمەنێکی زۆرە لەخۆرئاوادەژی و فێری هەندێك ئەتەکێتی خۆرئاوابووە، بەڵام هێشتا لەبەرامبەر کچەکانی خاوەنی هەمان عەقڵیەتی پیاوسالاریەو کچەکانی، وەك

هەمووشتەکانیماڵەکەی بەموڵکی خۆی دەزانێو بۆی هەیە بەئارەزووی خۆی کڕینو فرۆشتنیان پێوە بکاتو لەووڵاتێکی خۆرئاواوە بیانگەڕێنێتەوە بۆ کوێرە دێیەکی ووڵاتێکی خۆرهەڵاتی و دووچاری ناخۆشترین چارەنوسی پڕچەوساندنەوەیان بکات.

پیاوی خۆرهەڵاتی زۆرینەیان، کەدەچنە خۆرئاواش ناتوانن دەست بەرداری عەقڵیەتو کەلتوری دواکەوتوانەی خۆیان ببنو لەوێش مامەڵەیەکی زۆرنامرۆڤانە لەگەڵ ژنو کچەکانیان دەکەن، پیاوی کۆمەڵگای کوردیش، کە چوونەتە خۆرئاوا نەیانتوانیوە ئەوعەقڵیەتی نێرسالاریە فرێبدەن ئازادی ببەخشن بەژنو کچەکانیان، رەنگە زۆرمان هەواڵی ئەوکچانە بیستبێ کە باوکیان هێناویانەتەوە کوردستانو بەجیانهێشتونو هەوڵی کوشتنی ئەو ژنو کچانەشمان بیستوە بەناوی ناموس پەرستییەوە لەلایەن کەسوکاریانەوە لەخۆرئاوا کوژراون، بۆیە دەکرێت بڵێین پیاوی خۆرهەڵاتی لەهەر فۆرمو جلو بەرگێك دابێت، نابێتە پیاوێکی ئازادو دەست بەرداری توندوتیژی و چەوساندنەوە بێت لەبەرامبەر ژناندا و ناوچەش نایگۆڕێت، جائەوپیاوە یەمەنی بێت، یاخود خەڵکی کوردستان بێت، لەکۆمەڵگای کوردیدا ئێستاش لەبەشێکی زۆری ناوچەکانی دهۆكو دەوروبەریو تەنانەت پشدەریش دیاردەی فرۆشتنی کچان بەناوی هاوسەرییەوە بوونی ماوە، بۆیە دەکرێت ژنان لەهەرکوێیەکی ئەم دنیایەبن دژی دیاردەی فرۆشتنی کچان بوەستنەوەو هەوڵی کۆتایی هێنانی بدەن هەوڵی هۆشیار کردنەوەی جدی ژنان بدەن کە دژی فرۆشتنو بەکاڵاکردنیان بوەستنەوە...

تێبینی:

فرۆشراو-رۆمان-نوسینی: زانا موحسین-وەرگێڕانی لەسویدیەوە:زاگرۆس زەردەشتی